# دوورگەی

## لیتل سانت جەیمس

بسم الله الرحمن الرحيم

# دوورگەی

## Little Saint James

# L.S.J

نووسین و ئامادەکردنی: سالار عومەر

دیزاینی ناوەوە: نووسەر

دیزاینی بەرگ: ئیخلاس دیزاین

چاپی یەکەم: ١٤٤٥ هـ - ٢٠٢٤ ز

٢١ * ١٤ سـم

# دوورگەی

## Little Saint James

# L.S.J

نووسینی:
سالار عومەر

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ نووسەر

بۆ هەر ڕەخنە و پێشنارێک پەیوەندی بکەن بە نووسەر

@salar_omer

Salar Omer

# پێشەکی

ئەوروپا و ئەمریکا کیشوەری جوانی جیهانن، بەڵام ڕەوشتی ئەورووپی و ئەمریکی و شارستانیەتی ڕۆژئاوایی مۆدێرن گەورەترین نەگبەتییە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە.

نمونەی بێڕەوشتی و کارەقێزەونەکانیان هێندە زۆرە لە ژمارە نایەن، ڕاستە ئەوان بەردەوام بانگەشەی مافی ئافرەت و منداڵ و... تاد، دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بەکردار تەواو پێچەوانەی وتەکانیانن و ئەوەی حسابی بۆ نەکەن ئەو چینانەن.

لەم نوسینەمان تیشك دەخەینە سەر کارێکی قێزەونی چەند ساڵەی سەرکردەو کەسایەتییە بەناو بانگەکانی جیهان، کە بەردەوام لەبەردەم کامێراکان بانگەشەی گەورەو سەرنج ڕاکێش و فریودەریان کردووە، کەچی هەر ئەوکەسانە کە بەلیست ناویان هاتووە، لەودیو پەردە و دوور لەچاوی خەڵک و کامێراکان خەریکی دەستدرێژی سێکسی بوون و خەریکی بازرگانی کردن بوون بە لاشەی ئافرەت و منداڵان لە

دوورگەیەک بەناوی - لیتل سانت جەیمس- " Little Saint James " .

زۆرێک لەوانەی کە ناویان هاتووە لە لیستی ئابڕوچوونەکەی ئەم دوورگەیە کە خاوەنەکەی "ئێپستاین" ــە، هەر چۆنێک دەم بکەنەوە دەڵێن ئافرەتان و منداڵانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆرێکی تر چەوساوەن و بێبەش کراون لە مافەکانی خۆیان و کۆمەڵێ قسەی تری بریقەدار، و لەم قسانەیان ئاماژە بە وڵاتە موسڵمانەکان دەکەن و زۆریش بە ئاشکرا دەڵێن ئایینی ئیسلام مافی ئافرەت و منداڵ نادات و چەوساندویانەتەوە.

ئەوان بەخۆیان دەڵێن وڵاتی شارستانی و پێشکەوتوو و خاوەن ماف، بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە شارستانیەتی بازرگانین بە مرۆڤ و ئافرەت و منداڵ، بە هەموو شێوەیەک ئافرەتیان وەکو کاڵایەک بەکارهێناوە بەتایبەت کچانی بچووک(قاصرات) لەبەر ئەوەی لەو تەمەنەدا زیاتر سەرنجراکێشن بەلای خەڵکییەوە بەتایبەت پیاوان، و بەناوی ئازادی تاکەوە هانیان دەدەن بۆ

خۆڕووتکردنەوە لە پێناو بەدەستهێنانی پارەیەکی زیاتر، ئافرەتانیش بە ساویلکەیی خۆیان دەڵێن ئەوان ئازادی ئێمەیان دەوێ و لە بەرژەوەندی ئێمە کاردەکەن، کاردەکەن بۆ ئەوەی نەچەوسێینەوەو بەرگری لەماف و ئازادیمان دەکەن، ڕێک پێچەوانەی ئەم قسانە تەواوە.

سەرنج بدەن، ئەوان کچانی بچووک و ئافرەتان وەکو کاڵا بەکار دێنن بۆ ڕیکلامی کەرەستەی پیاوان! و ئافرەتانیش، ئەمە بازرگانی نەبێت بەکچ و ئافرەتەوە چییە؟ شتی پیاوان بە ئەوان چی؟!، بۆ بەکاریاندێنن لە چێشتخانە و قاوەخانە و مۆڵ و شوێنە گشتییەکان و کۆمەڵێ مەرج دادەنێن دەربارەی جلوبەرگ و شێوازی قسەکردنت و کۆمەڵێ شتی تر، (جگەلە ئەو شوێنانەی تایبەتن بە پێداویستی ئافرەتان، و تەنانەت لەو شوێنانەش پێویستە ڕەچاوی شەرع بکرێت).

بێگومان باوەڕکردن بەبانگەشە و شوێنکەوتنی ئەوکەسانە کەمزانییە و ئەم باوەڕبوونەش سەردەکێشێت بۆ لەدەستدانی دنیا و ئیمانی مرۆڤ.

داواکارم لە خودای تاک، هەمیشە ڕێی چاکە وڕاستمان نیشانبدات و دوورمانبخاتەوە لەهەر بانگەشەیەکی درۆیین و چەواشەکارانەی ئەو حەزپەرست و ڕێگا چەوت و سەرلێشێواوانە ... ئامین.

سالار عومەر

## لیتل سانت جەیمس " Little Saint James " چییە؟

لیتل سانت جەیمس " Little Saint James " دوورگەیەکی بچووکی تایبەتە لە دوورگەکانی ڤێرجینی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سانت تۆماس.

لە ساڵی **١٩٩٧** سەرمایەداری وەبەرهێنەر "**Arch Cummin** " خاوەنی لیتل سانت بوو، و بە بڕی **٥,١٠** ملیۆن دۆلار لە بازاڕدا دایناببوو بۆ فرۆشتن.

لە نیسانی ساڵی **١٩٩٨** کۆمپانیای بەرپرسیارێتی سنورداری **L.S.J**(واتە دوو کەس یان زیاتر بەڕێوەی دەبەن) هەستان بە کڕینی دوورگەکە بە بڕی **٧,٩٥** ملیۆن دۆلار.

بەڵگەنامەکان دەریانخستووە کە "جێفری ئێپستاین" ــە تاکە ئەندامی "**L.S.J.**" بووە کە خاوەندارێتی ئەم دوورگەیەی کردووە.

**دوورگەکە تا ساڵی ٢٠١٩ وەکو موڵکی جێفری ئێپستاین ماوەتەوە.**[١]

**دوورگەکە نازناوی "دوورگەی ئێپستاین"، "دوورگەی منداڵفرۆش" ناسراوە.**



وێنەیەک لە دوورگەی لیتل سانت جەیمس " Little Saint James "

---

١ https://en.m.wikipedia.org/wiki/Little_Saint_James,_U.S._Virgin_Islands

## جێفری ئێپستاین " Jeffrey Epstein" کێیە؟


جێفری ئێپستاین " Jeffrey Epstein"، بازرگانێکی ملیاردێری ئەمریکی بوو، لە ٢٠ی ١ ی ١٩٥٣ لە شاری برۆکلینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە.

ئێپستاین دەستی بە کاری دارایی کردووە لە بانکی وەبەرهێنانی "بێر ستیرنز" پێش ئەوەی کۆمپانیایەکی تایبەت بە خۆی بە ناوی "جێفری ئێپستاین" و هاوبەشەکانی بکاتەوە.

ئێپستاین ملیۆنێر بوو و پەیوەندییەکی باشی بە هەندێک لە نوخبەی دارایی و سیاسی و کولتوورییەکانەوە هەبوو.

لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ٢٠١٩دا سەرچاوە فەرمییەکانی ئەمریکا ڕایانگەیاند جێفری ئێپستاینی ملیاردێری ئەمریکی و هاوڕێی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا خۆی کوشتووە کاتێک لە زیندانێکی ئەمریکیدا بووە[2]، بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان، و تێوەگلانی لە تاوانی

## سێکسی منداڵان و هەروەها دامەزراندنی تۆڕێکی لەشفرۆشی...



جێفری ئێپستاین لە ساڵی ٢٠١٩ لە زیندان بە مردوویی دۆزرایەوە و گوتراوە خۆی کوشتووە (ڕۆیتەرز)

*لەڕاستیدا ناچێتە عەقڵ جیفری خۆی کوشتبێت، چونکە ئەو چەندین ساڵ کاریکردووە لە دەزگا سیخوڕی و ئەمنییەکان، پێموایە ئەو هەواڵە ڕاست نییە و تەنها سیناریۆیەکی چەواشەکارانەیە تا بابەتەکە دابخرێت و زیاتر درێژەی پێنەدرێت.(نووسەر)

# ئایا "جێفری ئێپستاین" بریکارێکی مۆساد بوو؟

لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ٢٠٢٠ دا لەگەڵ کەناڵی ڕوسیا ئەمڕۆ، ئەفسەرێکی پێشووی ئیسرائیلی بە ناوی "ئاری بێن-میناشی" ڕایگەیاند کە باوکی هاوڕێ کچەکەی پێشووی ئێپستاین "گیسلاین ماکسوێڵ" کە ناوی "ڕۆبەرت ماکسوێڵ"ـە و "جێفری ئێپستاین" بریکاری ئیسرائیلی بوون و هەموو ئەو بابەتانەی کە لە کەیسەکەی ئێپستایندا ئاماژەی پێکراوە بۆ بەرژەوەندی مۆساد ڕێکخراون، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و کۆنترۆڵکردنی کەسایەتییە بەناوبانگەکان.

بەپێی قسەکانی میناشی، شازادە ئەندرۆ فێڵی لێکراوە و هەڵخەڵەتاوە و بەکارهێنرا بۆ ئاڕاستەکردنی کەسایەتییە بەناوبانگەکان بەرەو ئێپستاین، و سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل "ئیهود باراکیش" ئاگاداری ئەوە بووە کە چی ڕوودەدات.

میناشی ڕایگەیاند کە وەزیری کاری پێشووی ئەمریکا ئەلێکساندەر ئاکۆستا پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئێپستاین بۆ هەواڵگری ئیسرائیل کار دەکات.

# تۆمارەکانی دۆسیەکە

ڕاپۆرتەکانی کەیسی دەستدرێژی سێکسی ملیاردێری ئەمریکی "جێفری ئێپستاین" بۆ سەر کچان وردەکاری ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانی ئاشکرا کرد.

دادوەری دادگای فیدراڵی "مانهاتن لۆرێتا پریسکا" لە ماوەی کۆتاییدا بڕیارێکی دەرکرد بۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی دۆسیەکان. و ئەو دۆسیانەی کە بەشێک بوون لە سکاڵایەکی یاسایی ساڵی ٢٠١٥ دژی "گیسلاین ماکسوێڵ" ئاشکرا کرا.

بەڵگەنامەکان دەریانخستووە کە تۆڕی لەشفرۆشی ئێپستاین هاوڕێ کچەکەی گیسلاین ماکسوێڵ و خاوەنی ئاژانسی جلوبەرگ ژان-لوک برونێل، شازادە ئەندرو، زانا ستیڤن هۆکینگ، و ژمارەیەک کەسایەتی گرنگی دیکە کە هەموویان تۆمەتبارکراون بە بەشداریکردن لە تاوانی دەستدرێژی سێکسیدا لەخۆدەگرێت.

# دۆسیەی ئێپستاین

جێفری ئێپستاین تاوانبارکراوە بە دەستدرێژی سێکسی، کە کچانی بچووکی ڕادەکێشا بە بیانووی ماساژکردن و دواتر پلە پلە بابەتەکە دەگۆڕێت بۆ سێکس کردن، بەپێی تۆمەتەکانی ساڵی ٢٠١٩ لە دژی.

دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە فلۆریدا ئێپستاینیان دەستگیرکرد بە تۆمەتی ڕەفتاری سێکسی دوای ئەوەی ژنێک سکاڵای کرد کە پەلاماری کچە هەرزەکارەکەی هاوسەرەکەی داوە.

هەرچەندە ژمارەیەک لە کچانی بچووک وتیان ئێپستاین و گروپەکەی دەستدرێژی سێکسیان کردووەتە سەریان، بەڵام دادگا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا تاوانباری کرد بەوەی دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر تەنها یەک کەس.

دوای ئەوە ملیاردێرە ئەمریکییەکە(ئێپستاین) بە ١٣ مانگ زیندانی سزادرا.
ئێپستاین لە ساڵی ٢٠١٨ گەڕایەوە ناو بازنەی سەرنجەوە، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی میامی هێراڵد تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی داواکاری گشتی ئەمەریکا ئەلێکساندەر ئاکۆستا لە دانوستاندن بۆ سزایەکی کورت بۆ ئێپستاین.
لە تەممووزی ٢٠١٩، ئێپستاین دەستگیرکرا دوای ئەوەی داواکاری گشتی فیدراڵی لێکۆڵینەوەیان لە کردەوەکانی کرد لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٥. دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە ئەڵقەیەکی لەشفرۆشی بەڕێوەبردووە، ئێپستاین لە زینداندا بە مردوویی دۆزرایەوە لە کاتی زیندانیکردنیدا.

# دۆسیەی گیسلاین ماکسوێڵ

لە ساڵی ٢٠٢١، گیسلاین ماکسوێڵ، هاوڕێی پێشووی ئێپستاین، سزای ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا دوای ئەوەی لەلایەن داواکاری گشتی لە مانهاتن تاوانبارکرا بەوەی کە کچانی بچووکی دابین کردووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی سێکسی لەگەڵ ئێپستاین و گرووپەکەی.

لە ماوەی دادگاییکردنی ئێپستاین، ماکسوێڵ بەشداری لە چەندین چالاکیدا کرد، وەک دابینکردنی پارە بۆ هاوڕێکانی ڤێرجینیا جیوفری، کە یەکێکە لە قوربانییەکان و سکاڵاکەری سەرەکییە لە دژی ئێپستاین، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری کە بتوانێت هەڵەی قوربانییەکە بسەلمێنێت و نکۆڵی لە قسەکانی بکات، و هەروەها بەرگریکردن لە بێتاوان دەرخستنی ئەو کەسانەی تێوەگلاون.

## فایلەکانی کەیسەکە

وردەکاری کەیسەکەی ماکسوێڵ ئاشکرا کرا بۆ ڕای گشتی بە بڕیاری دادوەرێکی دادگای هەرێمیی ئەمریکا.

لە ساڵی ٢٠١٩ یەکەم لاپەڕەی فایلەکانی کەیسەکەی جیوفری دژی ماکسوێڵ ئاشکرا کرا، ئەوانەی تر لە ساڵانی ٢٠٢٠، ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ بڵاوکرایەوە.

سەبارەت بەو فایلانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئاشکرا کراون، پێشتر بڵاونەکراونەتەوە بەهۆی مافی نهێنی قوربانییەکانەوە. فایلەکانی کەیسەکە وردەکاری ئەو کەسانەیان تێدایە کە لە ڕووداوەکەدا بەشداربوون.

فایلەکانی کەیسەکەی جوانا سیۆببێرگ کە یەکێکە لە قوربانییەکان، تۆمەتی هەراسانکردنی سێکسی لە دژی شازادە ئەندرۆ نیشان دەدات، کە لە شوقەیەکی مانهاتن دەستدرێژی کردووەتە سەر سیۆببێرگ، و نکۆڵی لەو تۆمەتانە کرا لە ساڵی ٢٠٠١.

ڤێرجینیا جیوفری، کە ناوی لە فایلەکانی کەیسەکەدا وەک سکاڵاکەر و قوربانی دەردەکەوێت، دەڵێت لە چەند شارێکدا لەلایەن ئێپستاینەوە ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی بووەتەوە، لەوانە فلۆریدا و نیویۆرک، لە کاتێکدا کە کاری لەلای ئەو کردووە و تەمەنی ١٧ ساڵ بووە.

## مەبەستی سەرەکی کاری ئەو دوورگەیە و گەشتکردنی ئەو کەسانە بۆی

مەبەستی سەرەکی ئەوانەی سەردانی ئەو دوورگەیەیان کردووە، بریتی بووە لە ئەنجامدانی سەرجێیکردن لەگەڵ منداڵان لەلایەن گەورە دەسەڵاتدارانەوە.

## ئەو کەسانە کێن کە لەوانەیە ناویان لە لیستی ئێپستاین بێت؟

ئەوان تێکەڵەیەک دەبن لەو کەسانەی کە تۆمەتبار دەکرێن بە کردەوەی نایاسایی، ئەو کەسانەی کە ئەم تۆمەتانە دەکەن و ئەوانی تر کە لەوانەیە گەواهیدەری تاوانەکان بن.

لەوانەیە ئەو کارمەندانە بن کە لەلایەن ئێپستاینەوە بەکارهێنراون یان ئەو کەسانەی کە سەردانیماڵەکەیان کردووە یان بە فڕۆکە تایبەتەکەی ڕۆیشتبن.

# بەشێک لەو کەسانەی سەردانی ئەم دوورگەیان کردووە

## ئاشکراکردنی بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان بە تاوانە سێکسییەکانی جێفری ئێپستاین و دەرکەوتنی ناوی شازادە ئەندرۆ وبیل کلینتۆن و ترەمپ و مایکڵ جاکسۆن.

شازادە ئەندرۆ وبیل کلینتۆنی بەریتانیا لە نێو ئەو کەسایەتییانەن کە لە بەڵگەنامەکانی دادگای ئەمەریکادا ئاماژەیان پێکراوە، کە وردەکاری تاوانە سێکسییەکانی پەیوەست بە جێفری ئێپستاینیان تێدایە.

خوان ئەلیسی، کارمەندی پێشووی ئێپستاین، ڕایگەیاند کە شازادە ئەندرۆ زۆر جار سەردانی ماڵی ئێپستاینی لە فلۆریدا کردووە. ئاماژەی بەوەشکردووە کە شازادە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لەوێ دەمایەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە کە سارا فێرگسۆنی هاوسەری شازادە ئەندرۆ سەردانی ماڵەکەی دەکرد و شازادە هەموو ڕۆژێک ماسازی بۆ دەکرا.

و بەڵگەنامەکانی دادگا ٤٠ بەڵگەی ژنێک لەخۆ دەگرێت کە تێیاندا شازادە تۆمەتبارکراوە.

جوانا سیۆبێرگ دەڵێت کە شازادە ئەندرۆ دەستی لە جەستەی داوە کاتێک لەسەر قەنەفەیەک دانیشتووە لەناو شوقەی ئێپستاین لە مانهاتن لە ساڵی ٢٠٠١.

کۆشکی باکینگهام پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئەو تۆمەتانە بە تەواوی دوورن لە ڕاستییەوە.

ساڵی ڕابردوو شازادە ملیۆنان دۆلاری داوە بە "ڤێرجینیا جیوفری" بۆ چارەسەرکردنی سکاڵایەکی یاسایی کە دەڵێت دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەری کاتێک تەمەنی ١٧ ساڵ بووە.

شازادە دەڵێت هەرگیز جیوفری نەبینیوە و ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە.

سەبارەت بە پرسیارێک دەربارەی ترەمپ، ئەلیسی ڕایگەیاند کە سەردانی ماڵەکەی کردووە.

لە ڕۆژنامەی دەیلی مەیل هاتووە؛ بەپێی دوایین بەڵگەنامەکان کە ئاشکرا کراون دەرکەوتووە کە جێفری ئێپستاین بە نهێنی گرتەی ڤیدیۆیی سێکسی شازادە ئەندرۆ و ڕیچارد برانسن و سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بیل کلینتۆن لەگەڵ کچانی بچووک تۆمارکردووە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە دادگا ڕێگای داوە بڵاو بکرێتەوە دەرکەوتووە کە ئێپستاین دۆناڵد ترەمپی تۆمەتبار کردووە بەوەی سێکسی لەگەڵ "زۆر کچ" کردووە.

ئەو تۆمارانەی کە تازە بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە کەیسێکی بەرزکراو لە دژی گیسلاین ماکسوێڵ، هاوڕێ کچەکەی

ئێپستاین کە زیندانی کراوە بەهۆی یارمەتیدانی لە دەستدرێژیکردنە سەر کچان.
بەڵام تا ئێستا بەڵگەنامەکان هیچ تۆمەتێکی گەورەی نوێیان دەربارەی ئێپستاین و هیچ زانیارییەک دەربارەی هاوکارەکانی ئاشکرا نەکردووە.
ناوی دیکەی ناو بەڵگەنامەکان بریتین لە گۆرانیبێژ مایکڵ جاکسۆن و جادووگەر دەیڤد کۆپەرفیڵد، سەرەڕای نەبوونی هیچ تۆمەتێک بۆ سەرپێچی کردنیان.
ئەو کۆمەڵەیەی کە لە ماوەی کۆتاییدا بڵاوکرایەوە دوای فەرمانێکی دادوەری نیویۆرک لۆرێتا پریسکا کە دانی بەوەدانا زۆرێک لەو کەسانەی ناویان هاتووە لەلایەن میدیاکانەوە یان لە دادگایکردنی تاوانی ماکسوێڵەوە ناسێنراون.
ئاماژەی بەوەشکردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دیکە "هیچ نارەزایەتییەکیان" لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکاندا نییە.

دادوەرەکە لە بڕیارەکەیدا گوتی: هەندێک لە ناوەکانی لیستەکە بە نهێنی دەمێننەوە، لەوانە ناوی ئەو منداڵانەی بوونەتە قوربانی. تا ئەو کاتەی ئەم کتێبە ئامادەکراوە ژمارەی تەواوی تێوەگلاوان لەم تاوانە نادیارە، بەهۆی دووبارەبوونەوەی ناوی کۆمەڵە کەسێک و بەردەوامی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە.

# بیڵ کلینتۆن

بەپێی یەکێک لە بەڵگەنامەکانی دادگا، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بیڵ کلینتۆن هەڕەشەی لە ڕۆژنامەی "ڤانیتی فیر" کردووە کە هیچ وتارێک بڵاو نەکاتەوە کە تیایدا باس لە ئەوە بکات کە ئێپستاین تۆڕێکی لەشفرۆشی دامەزراندوە. لە هەمان بەڵگەنامەدا جیوفری ئاماژەی بەوە کردووە کە کلینتۆن زانیاری وردی هەبووە دەربارەی تۆڕی لەشفرۆشی ئێپستاین.

بەرامبەر بە ئەمە نوێنەرانی کلینتۆن دەڵێن سەرۆکی پێشوو ئاگاداری تاوانەکانی ئێپستاین نەبووە.

لە فایلەکاندا ئاماژەی بەوە کراوە کە کلینتۆن ئافرەتانی گەنجی خۆشدەوێت و پەیوەندی بە دۆناڵد ترەمپەوە کردووە پێش ئەوەی بڕوات بۆ شوێنی ئێپستاین لە نیوجێرسی.

لەسەر چاوەیەکی تر دەوترێت:

سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا "بیڵ کلینتۆن" زیاتر لە ٥٠ جار لە بەڵگەنامەکانی دادگادا ئاماژەی پێکراوە، بەپێی ABC News.

# پارێزەرە نێودەوڵەتییەکەی ئیسـرائیـل کرێاری ئێپستاین دەرچوو

لە ئابڕووچوونێکی تازە و قورسدا، پارێزەرە نێودەوڵەتییەکەی ئیـــسڕائیـــل کڕیارێکی هەمیشەیی ئێپستاین و دوورگەکەی دەرچوو.

دوای ئەوەی باشووری ئەفریقا داوایەکی لەسەر ئیـــسڕائیـل تۆمار کرد لە دادگای دادی نێودەوڵەتیی لاهای، بەهۆی جینۆسایدکردنی خەڵکی غـــەززە، ئیـــسڕائیـــل بڕیاری دا تیمێکی بەهێز ئامادە بکات تا بەرگری لێ بکات لەبەردەم دادگادا.

بەو بۆنەیەوە خودی نـــاتـــانیاهۆ، «ئالان دێرشۆفینتز»ـی هەڵبژارد کە مامۆستای یاسایە لە زانکۆی هارڤارد و کەسێکی یاسایی نێودەوڵەتییە و بەرگریکارێکی سەرسەختی ئیـــسڕائیـــلە، بەڵام خۆشییەکە زۆری نەخایاند و دوای ماوەیەک

لە ڕاسپاردنی فایلەکانی ئابڕوچوونی ئێپستاین بڵاو کرایەوە و ناوی ئەم پارێزەرەش وەک کڕیارێکی هەمیشەیی تێدا بوو.

بەپێی شایەتیی یەکێک لە قوربانییەکان ئەم پارێزەرە زیاد لە شەش جار بەکرێی گرتووە لە ئێپستاین کە ئەو کات تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵ بووە و کڕیارێکی بەردەوامی ئێپستاین بووە.

ئیـــسڕائیـــلی منداڵکوژ یەکێکی پڕ بە پێستی خۆی دۆزیوەتەوە تا نوێنەرایەتی بکات[١].

---


[١] ڕێکخراوی ئاستانە

## وێنە و زانیاری دەربارەی کۆمەڵێ کەسی پەیوەندیدار بە دۆسیەکەوە




ئەم ئافرەتە کە ناوی "ڤێرجینیا جیوفریە" یەکێکە لە ئەوانەی تەمەنی منداڵی بووەتە قوربانی دەڵێت:

ئیهود باراکی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و شازادە ئەندرۆی بەریتانیا و شازادەیەکی تر و ژمارەیەک سەرۆک کە ناویانی نەوتووە، بە منداڵی لە دوورگەکە سێکسیان لەگەڵ کردووە.




"ستیڤن هوفنبرگ" مامۆستای جیفری ئیپستاین: "جیفری ڕێککەوتنی هەبوو لەگەڵ ئیسرائیلیەکان بە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری ".

ستیڤن هوفنبرگ بە کوژراوی دۆزرایەوە لە ویلایەتی کونیتیک ساڵی ۲۰۲۲.



گۆرانیبێژ "کیرت کوباین": هەواڵی خۆکوشتنی بڵاوبویەوە دوای لێدوانی بۆ کەناڵی MTV لەبارەی دورگە نهێنیەکەی "جیفری ئیپستاین".



ئیزاک کابی: سێ ڕۆژ پێش مردنی کتوپڕی بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ( من هیچ ئارەزوی خۆکوشتن ناکەم ئاگاداربن).




**له ٢٠٢٢ تەرمی  هاوڕێ نزیکەکەی جیفری ئێپستاین بە هەڵواسراوی لە زیندانەکەیدا لە پاریس دۆزرایەوە، کامێراکانیش لەو کاتەدا ئیشیان نەکردووە !!.**

**"دۆسیەی ئێپستاینی جولەکەی زایۆنی تەنها ئەوەندە نیە کە منداڵانیان بەکارهێناوە و کاری هەواڵگریان کردووە بەڵکو چەندین کەس کوژراون بۆ پەردەپۆشکردنی ئابڕۆچوونەکەیان، بەڵام شتێ خوای گەورە بیەوێ ئاشکرا بێت هەزاران کەس بکوژن هەر ئاشکرا دەبن".**




ئەندرو تیت: دورگەکەی ئێپستاین دەکڕمەوە و تابلۆیەکی گەورەی لەسەر دادەنێم لێی نوسرابێت: "نوخبەی ئەوروپا بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن".



ترەمپ لەگەڵ جێفری ئێپستاین و کچان.




**جایل سمیث: ڕێکخەری پێشووی جیهانی بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا، ناوی لە لیستی ئەوانەدا هەیە کە سەردانی گەرموگوڕی هەبووە بۆ دورگەکە و وەک گەورە ڕاوێژکاری هەردوو سەرۆک ئۆباما و بایدن کاری کردووە.**



دەرهێنەری بەناوبانگی هۆڵیود "هارفی واینستین" تەمەن ٧١ ساڵ، ئەوەی کە دەستدرێژی کردووەتە سەر ٣٠ ئەکتەری ناوداری ئافرەتی هۆلیود.

ناوی لە لیستی دورگەکەدا هەیە کە کاری بۆ موساد کردووە.



ستیڤن هوکنجی فیزیازان: ناوی لە فایلی ئابڕوچوونی دورگەکەی ئێپستاین هاتووە و چەندین جار بەشداری ئاهەنگی سێکسی منداڵان کردووە.

"ئەمانە و چەندانی تر لە داهاتوودا ئاشکرادەبن، ئەمانە لەوانەن کە باوەڕیان بەخودا نییە و دینیان ڕەتکردوەتەوە و تەنها دوای حەز و ئارەزوو کەوتوون، ئەمانە خاڵین لە ڕەوشت و دین، پڕن لە بەدڕەوشتی و بڵاوکردنەوەی تاوان و پیسی بەسەر زەویدا".

لەسەرچاوەیەکی تر لیستی ناوی بەشێکی ئەو کەسانە هاتووە کە سەردانی ئەم دوورگەیان کردووە، ئەوانیش بریتین لە[1]:

_گیسلاین ماکسوێڵ، هاوڕێ کچەکەی پێشووی ئێپستاین، لە ساڵی ٢٠٢٢دا بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە سێکسەوە سزای ٢٠ ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا.

_شازادە ئەندرۆ، کوڕی دووەمی شاژن ئەلیزابێسی دووەمی بەریتانیا.

_بیل کلینتۆن، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.

_دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.

_هیلاری کلینتۆن، خانمی یەکەمی پێشووی بیل کلینتۆن.

---

١ https://www.ndtv.com/world-news/jeffrey-epstein-epstein-files-full-list-of-high-profile-people-named-in-unsealed-court-docs-۴۸۱٥٥٥۳/amp/۱

_دەیڤید کۆپەرفیلڵد، جادووکەری شانۆی ئەمریکی.

_جۆن کۆنیلی، پۆلیسێکی لێکۆڵەری نیویۆرک کە بوو بە ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵینەوە، و لێکۆڵینەوەی لە ئێپستاین کرد.

_ئالان دێرشۆڤیتز، پارێزەرێکی ناسراو.

_لیۆناردۆ دیکاپریۆ، ئەکتەرێکی بەناوبانگە بە ڕۆڵەکانی لە فیلمی تایتانیک.

_ئەل گۆر، جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا.

_ستیڤن هۆکینگ، فیزیازانی بەناوبانگ.

_ئیهود باراک، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل.

_مایکڵ جاکسۆنی بەناوبانگ، میوزیکژەن و گۆرانیبێژ و بەرهەمێنەری فیلم و کۆمەڵی شتی تر، و لەسەرووی هەموویەوە چالاکوانی مافەکانە و خێرخواز بوو، کە بە "پاشای پۆپ" ناسراوە.

_مارڤین مینکسی، پێشەنگی زیرەکی دەستکرد.

_کیڤن سپەیسی، ئەکتەری ئەمریکی.

_جۆرج لوکاس، دەرهێنەری فیلمی ئەمریکی.

_ژان لوک برۆنێل، سەرۆکی دەزگای مۆدێلی فەرەنسی.

_کەیت بلانچێت، ئەکتەری ئوسترالی.

_نائۆمی کامپبێل، کچە مۆدێلی بەریتانی.

_شارۆن چەرچەر، ڕۆژنامەنووسی بەریتانی بە ڕەسەن ئەفریقی.

_بروس ویلیس، ئەکتەری خانەنشینکراوی ئەمریکی

_بیل ڕیچاردسۆن، پارێزگاری پێشووی ویلایەتی نیو مەکسیکۆ.

_کامیرۆن دیاز، ئەکتەری ئەمریکی.

_گلێن دوبین، وەبەرهێنەری ئەمریکی.

_ئیڤا ئەندەرسۆن-دوبین، شاجوانی پێشووی سوید و هاوسەری گلێن دوبین.

_نوام چۆمسکی، زمانزان و فەیلەسوفی سیاسی.

_تۆم پریتزکەر، سەرمایەدار و خێرخوازی ئەمریکی.

_کریس تاکەر، کەسایەتی کۆمیدی و ئەکتەری ئەمریکی.

_سارا فێرگسۆن، دوچێسی یۆرک، هاوسەری پێشووی شازادە ئەندرۆ.

_ڕۆبێرت ئێف کێنێدی جونیۆر، سیاسەتمەداری ئەمریکی و تیۆریستی پیلانگێڕی.

_جەیمس مایکل ئاوستریچ.

_خوان و ماریا ئالێسی، ئەو ژن و مێردەی کە لە ماڵی ئێپستاین لە فلۆریدا کاریان دەکرد.

_یانیوش باناسیاک، وەک بەڕێوەبەری خانووی پاڵم بیچ لە ئێپستاین کاری کردووە.

_بێلا کلاین یان کلین، ژمێریاری پێشووی ئۆفیسی ئێپستاین لە نیویۆرک.

_لێسلی گرۆف، سکرتێری پێشووی ئیپستاین.

_ڤیکتۆریا بین.

_ڕێبێکا بۆیلان.

_دانا بێرنز.

_ڕۆن ئیپینگەر، بازرگانی سێکس.

_دانیال ئیستێس.

_ئانی فارمەر، ئێپستاینی تۆمەتبار کرد بە دەستدرێژی سێکسی.

_ماریا فارمەر، خوشکی ئانی فارمەر

ئانۆسکا دی جۆرجیۆ، کچە مۆدێلێکە کە ئێپستاینی بە دەستدرێژی تۆمەتبار کرد.

_لویس فری، بەڕێوەبەری پێشووی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی.(FBI)

_ئەلێکساندرا فێکا.

_جۆ جۆ فۆنتانێلا، خزمەتکاری ئێپستاین.

_ڤێرجینیا جیوفر، پێشتر بە ڤێرجینیا ڕۆبەرتس ناسرابوو.

_لین میلەر، دایکی ڤێرجینیا جیۆفر.

_کریستاڵ فیگوێروا.

_ئەنتۆنی فیگوێروا، خۆشەویستەکەی پێشووی ڤێرجینیا ڕۆبەرت.

_ئێریک گانی.

_مێگ گارڤین.

_شێریدان گیبسۆن-بوت.

_ڕۆس گۆ، بریکاری ڕۆژنامەوانی ماکسوێڵ.

_فرێد گراف.

_ڕۆبێرت جیوفر.

_فیلیپ گودێریۆن.

_ئەلێکساندرا هۆڵ.

_جوانا هاریسۆن.

_شانۆن هاریسۆن.

_ڤیکتۆریا هازل.

_بریتانی هێندێرسۆن.

_برێت جافیێ.

_فۆڕێست جۆنز.

_سارا کێلن.

_ئادریانا ڕۆس، یاریدەدەری پێشووی ئێپستاین.

_کارۆل کیس.

_دکتۆر ستیڤن ئۆلسۆن.

_ستیڤن کاوفمان.

_وێندی لی، نووسەر.

_پیتەر لیستەرمان.

_تۆم لیۆنس.

_نادیە مارسینکۆڤا.

_بۆب میستەر.

_جەیمی میلانسۆن.

_دۆناڵد مۆرێل.

_دەیڤید مولن.

_دەیڤید نۆر.

_جۆ پاگانۆ.

_مای پالوگا.

_ستانلی پۆتینگەر.

_ڕینالْدۆ و دیبرا ڕیزۆ، ئەو ژن و مێردەی کە لەلای گلێن دوبینی هاوڕێی ئێپستاین کاریان کردووە.

_سکای ڕۆبەرتز.

_کیمبلێرلی ڕۆبەرتز.

_لین ڕۆبەرتز.

_هالی ڕۆبسۆن.

_دەیڤ ڕۆدجێرز، فڕۆکەوانی فڕۆکەی تایبەت بە "ئێپستاین".

_ئەلفرێدۆ ڕۆدریگێز، خزمەتکاری ماڵەکەی ئێپستاین لە فلۆریدا.

_سکۆت ڕۆتینسۆن.

_فۆرێست ساوەر.

_دۆو شۆتێل، لێکۆڵەر.

_یۆهانا شۆبێرگ.

_سێسیلیا ستاین.

_ماریان سترۆنگ.

_مارک تافۆیا.

_ئیمی تایلۆر.

_برێنت تیندال.

_کیڤن تۆمپسۆن.

_ئێد تاتل.

_لێس وێکسنەر، هاوبەشی بازرگانی پێشووی ئێپستاین.

_ئەبیگایل وێکسنەر، هاوسەری لێس وێکسنەر.

_کرێسێندا ڤاڵدێس.

_ئیما ڤاگان.

_ئەنتۆنی ڤالادارێس.

_کریستینا ڤێنێرۆ، پزیشکی مۆڵەتپێدراوی مەساج.

_ماریتزا ڤازکێز.

_ ڤیکی وارد، ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵینەوە.

_جارێد وایسفیڵ .

_شارۆن وایت.

_کۆرتنی وایڵد.

_دانیال ویلسۆن.

_مارک زێف.

_دکتۆر کریس دۆناهو، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

_دکتۆر واهـ، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

_جادیس لایتفۆت، دەروونناس کە چارەسەری ڤێرجینیا جیۆفری کردووە.

_دکتۆر کارین کوتیکۆف، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

_دکتۆر کارۆل هایک، پزیشکی دەروونییە چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

_دکتۆر جۆن هاریس، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

_دکتۆر دارشانی ماجالیانا، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

_دکتۆر مۆنا دیڤانسێن، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.

**_دکتۆر سکۆت ڕۆبەرت گەیگەر، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.**

**_دکتۆر میشێل ستریتەر، چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.**

**_دۆنا ئۆلیڤەر، یاریدەدەری پزیشک کە چارەسەری ڤێرجینیا جیوفری کردووە.**

**هەموو ئەم کەسانە و چەندانی تر ناویان لەو لیستەدا هاتووە کە لە ئەم ماوەیەی کۆتایی لەلایەن دادگاوە بڵاوکرایەوە، و زۆرینەی ئەو کەسانەی ناویان هاتووە کەسانی ناودارن و لەو کەسانەن کە بانگەشەیان دەکرد بۆ مرۆڤایەتی و مافی ئافرەت و منداڵان، و بە توندی دژی ئاینی ئیسلام دەوەستانەوە بە بیانووی ئەوەی کە مافی ئافرەت و منداڵانی نەداوە و هەمیشە لە دژیانە و بیروباوەڕەکانی کۆنەپەرستییە،**

و ئێستا دەرکەوت کێ مافی بە ئافرەت و منداڵان داوە و جێبەجێیانیش دەکات و کێ تەنها قسەی بێکردەوەیە، و سەرەڕای ئەوەش هەموو قسەکانیان تەنها بۆ ناشرینکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

بێگومان بێباوەڕ و هاوبەشدانەران هەر شتێک بکەن سەرناکەون بۆ کەوتنی ئیسلام، لەبەرئەوەی خوای گەورە خۆی فەرموویەتی-: {إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ}.

# باسێکی کورتی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت منداڵان و ئافرەتان

بەگشتی یەکێک لە خاڵەکان جیانەکارییە لە نێوان تاکەکان، بەڵام ئەوەی ئێمە ڕۆژانە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەیبینین ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەوان بە ناوی مافی مرۆڤەوە دێن و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، لە وڵاتانی خۆیان بچووکترین شت کە ڕەنگی پێستە، بە هەموو ئاستەکانی تەمەنەوە جیاکاری دەکەن لە نێوان تاکەکان و بگرە دژایەتی یەکتریش دەکەن، و لەلایەن ئایینەوە هەموومان دەزانین چۆنن بەرامبەر یەکتر و بە هەموویانیشەوە دژی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن.

جا لە وڵاتە ئیسلامییەکان بانگەشەی یەکسانی دەکەن و ڕۆڵ دەگێڕن تەنها بۆ ئەوەی موسڵمانان بە لاڕێدا بەرن بەوەی گوایە ئەوان یەکسانی نێوان تاکەکان دەپارێزن.

دەبینین لە وڵاتانی بێباوەڕان و هاوبەشدانەران؛ موسڵمانان بە چی شێوەیەکی دڕندانە دەچەوسێنرێنەوە و سوکایەتی بە قورئانی پیرۆز و مزگەوتەکان و پیرۆزییەکان دەکرێت و هەر لە منداڵییەوە فێر دەکرێن جیاکاری بکەن، دەبینین لە وڵاتانی ئیسلامی چۆن ماف دراوەتە خاوەن ئاینەکانی تر و بە ئازادی خۆیان پەرستن و کارەکانی خۆیان دەکەن.

لێرەدا ڕوونە کاملایە مافەکەی جێبەجێ کردووە بەبێ جیاکاری.

## چەند مافێک بۆمندالان:
## پێویستە مندالان خاوەنی ناو و ناسنامەی خۆیان بن

ئەوان دەڵێن ئافرەتان ئازادن لەگەڵ کێ سەرجێیی دەکەن و جەستەیان موڵکی خۆیانە و چی لێ دەکەن ئازادن، و هیچ کەسێک بۆی نییە ئەو مافەیان لێ وەربگرێتەوە، تەنانەت دایک و باوکیشیان دوای ئەوەی منداڵەکانیان دەبنە ١٨ ساڵ بۆیان نییە قسە لەسەر ژیانی منداڵەکانیان بکەن.
کاتێک هیچ سنوورێک نەبێت بۆ پەیوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوان و هیچ بنەما و یاسایەک نەبێت و هەر وەکو ئاژەڵ ژیان بکەن و بە پێی ئارەزووی خۆیان لە هەر شوێنێک و لەگەڵ هەر کەسێک بێت ئەوەی دەیانەوێ دەیکەن.
بێگومان بیانەوێ یان نا هەر کاتێک بێت درووستبوونی منداڵ هەر ڕوودەدات، و کاتێک منداڵەکە دێتە دونیاوە نازانێ کێ

باوکێتی و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڕەنگە دایکەکەش دەستبەرداری بێت.

باشە کوا مافی ناو و ناسنامەی تاکەکە؟!

کێ دەبێتە باوکی؟!

باوکی کێیە؟!

تێبینی// کۆمەڵێ ئاژەڵ و باڵندە هەیە دوای مردارەوەبوونی هاوسەرەکانیان لەگەڵ هیچ دانەیەکی تر ناژین، ئەو مرۆڤانەی کە تەنها خەریکی تێرکردنی ئارەزوویانن ئاژەڵ و باڵندەکان زۆر لەوان باشتر و بە وەفاترن.

لە ئیسلامدا سنوور و یاسا دانراون بۆ ئەم بابەتە، مەگەر کەسانێکی باوەڕ لاواز و لە خودا نەترس سنوورەکان بشکێنن و کاری نادروست بکەن، کاتێک هەر موسڵمانێک زینا دەکات و منداڵی دەبێت هیچ تاوانێکی ئیسلامی تێدا نییە، خوای گەورە یاساکەی داناوە و ئەوەشی جێبەجێی ناکات ناکرێت بڵێین ئەوەتا وڵاتی ئیسلامییە و منداڵی باوک نەناسراوی تێدایە.

لێرەدا باسی ئەو یاسایەیە کە ئیسلام و وڵاتانی بێباوەڕ دایانناوە و پەیوەندی بە ئەوەوە نییە کە تاک جێبەجێی دەکات یان نا.
لێرەشدا ڕوونە کام یاسایە ئەم مافە بۆ تاک دەپارێزێ و دووری دەکات لە هەموو کێشەیەکی دەروونی و جەستەیی.
هەر یاسایەک خوای گەورە دایبنابێت بە هیچ شێوەیەک یاسایە تری نییە ئەو یاسایە پوچەڵ بکاتەوە، و هیچ یاسایەکیشی دژی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگا نییە، بەڵام هەر یاسایەک مرۆڤ دایبنێ هیچ کاتێک بێکێشە نابێت.

سەبارەت بەم باسە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەیە بە ناوی: "تۆ باوکەکە نیت."
ئەمەش یەکێکە لە سەرکەوتووترین بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تێیدا ئافرەتێک هەڵدەستێ بە بانگهێشت کردنی کۆمەڵێک پیاو بۆ بەرنامەکە کە سەرجێیی لەگەڵ کردوون، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی پشکنینی ترشی

بۆماوەی(DNA) یان بۆ بکرێت، هەتا بزانێت کێیان باوکی منداڵەکەیەتی!

لە سەیرترین ڕوداوەکانی بەرنامەکە حاڵەتی "ڕۆزالیندا"یە کە زیاد لە ١٨ پیاوی بانگێشت کردبوو، هەموویان پشکنینیان بۆ کرا تا بزانێ باوکی منداڵەکەی(پیکاروا) کێیە؟!

بەڵام ئەنجامی پشکنینەکە نەرێنی بوو، هیچ کامیان باوکی منداڵەکەی نەبوون!

کە ئەمەش بووە هۆی داڕوخانی (پیکاروا)ـی ١١ ساڵان و دەستکردنی بە گریانێکی بەکوڵ.

ئەوەش نموونەی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو بە ڕووکەش و ڕووخاو و داڕماو و وێران لە ناوەڕۆک و دەروون و کەسایەتی و هەموو شتێک.

بەستەری یەکێک لە ئەڵقەکانی بەرنامەکە

https://youtu.be/oegDCPDXgXM

## مافێکی تر:
## ئازادی کەمینەکانی زمان و ئایین و ڕەگەز و نەتەوە

ئەوان بە هەموو شێوەیەک بانگەشەی ئازادی کەمینە دەکەن کە چی دەبینین لە هەموو وڵاتەکانیان کەمینە دەچەوسێنرێتەوە و بێبەش دەکرێن لە زۆرێک لە مافەکانیان.

و کە دێنە وڵاتە موسڵمانەکان بە بانگەشەکانیان هانی کەمینەکان دەدەن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەوانی تر و دواتر پشتی کەمینە دەگرن و دەست دەکەن بە سکاڵا کردن و بابەتەکە گەورەوە دەکەن تا بە هەموو جیهانی نیشان بدەن کە گوایە ئیسلام مافی کەمینە نادات، و کاتێک باسەکە دەبرێتەوە سەر خۆیان هەزاران بیانووی بریقەدار دەهێننەوە و موسڵمانی کاڵفامیش ڕاستەوخۆ باوەڕدەکات و یاساکانی ئیسلام بەلاوە دەنێت.

## مافێکی تر:
## پاراستنی تاک لە توندوتیژی

ئەوان ڕێگە بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە بێهۆشکەرێک دەدەن بە ناوی ئازادی تاکەوە، و هەرکەسێک بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە مەست دەبێت و ئاگای لە خۆی نامێنێت توندوتیژی بەرامبەر هەموو شت دەکات، منداڵ بێت یان گەورە جیاوازی نابێت لەلای.

منداڵ بێت یان ئافرەت بەم شێوەیە ئەیپارێزن لە توندوتیژی؟!

کاتێک دەم دەکەنەوە دەڵێن ئیسلام ڕێگە بە ئازادی تاک نادات، ناهێڵێت بە ئارەزووی خۆی بخوات و بخواتەوە.

ئیسلام مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەپارێزێت بە هەموو شێوەیەک، بەڵام ئەوانەی کە شوێن ئارەزوویان کەوتوون و دەکەون ئیسلام بە ناشرین و کۆنەپەرست دادەنێت تەنها بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانیان.

# مافێکی تر:
# ئەوەیە منداڵ ئازاد بێت لە ڕادەربڕین و ئەنجامدانی ئەوەی دەیەوێت

لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا منداڵانیش ئازادن لە ڕادەربڕین و ئەنجامدانی ئەوەی دەیانەوێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆی و دەوربەری، و لە ژێر چاودێری دایک و باوکی یان کەسی سەرپەرشتیاری دەبێت، و ڕاوبۆچونی هەر هەڵەیەک شتێکی تیابوو دەبێت ئەوان ڕاستی بکەنەوە، و گەر تەواو هەڵە بوو دەبێت بە ژیرییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و ڕێگری لێبکەن.

بەڵام لە یاسای ئەوان تەواو ئازادن و هیچ کەسێک بۆی نییە خۆی هەڵقورتێنێ لە بڕیارەکانیان.

بابەتێک بە نموونە وەردەگرین کە زۆر باو بووە لە تەواوی جیهاندا، ئەویش بابەتی ڕەگەز گۆڕینە.

ئاسایی لە قۆناغی پێگەیشتندا(بالغبوون) هەردوو ڕەگەز گۆڕانی زۆریان بەسەر دێت، و ئەم گۆڕانانەش کاریگەری دەکەنە سەر دەروون و دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و حەزکردن لە کۆمەڵێ شت، و هەموو کات وادەزانن کە ڕاستن، جا بەهۆی ئەوەی زۆر بایەخ دراوە بە ڕەگەز گۆڕین لە ئێستایە تەنانەت منداڵانی بچووکیش گەر کوڕ بێ دەڵێ حەز دەکەم ببمە کچ و بە پێچەوانەوە، لە قۆناغی پێگەییشتن و هەرزەکاریدا ئەم بیرکردنەوانەیان زۆرتر و قوڵتر دەبێتەوە بەهۆی تێکچوونی دەرونیانەوە.

لە وڵاتانی ناموسڵمان دەڵێن ئەو ئازادە و ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئازادی تاکەوە هەیە و کەس بۆی نییە بڵێت نا، بۆیە لە هەر تەمەنێک بن بەهۆی ئەوەی تەواو ئازدن و تەنانەت دایک و باوکیشیان بۆیان نییە ڕێگەیان لێبگرن دەڕۆن و پەنا بۆ حکومەتەکەیان دەبەن و ئەوانیش تەواو هاوکاری دەبن بۆ ئەنجامدانی ئەوەی دەیانەوێ.

دوای ساڵانێک کە تێدەگەن لە دونیا تەواو پەشیمان دەبنەوە لەوەی ئەنجامیان داوە.

کەسانی زۆر هەبووە لە کۆتاییدا گلەییان لە دایک و باوک و دەسەڵاتەکەیان کردووە لەبەرئەوەی ڕێگەیان لێیان نەگرتووە و لەو تەمەنەدا ئەوان نەزان بوونە و دەروونیان ماندوو بووە و ئێستاش لە پەشیمانی زیاتر هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

حاڵەتی زۆریش هەیە بە خۆکوشتن کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە.

ئەمە ئەو یاسا و مافەیە کە دونیایان لێی پڕکردووە بە ناوی ئازادی تاکەوە و ئەوە کۆتایی ئەو ئازادی تاکەیانە، نموونەی زۆر هەیە کە خراپی و شکستی ئەم یاسایە دەردەخات، بەڵام کەسی ژیر یەک نموونەی بەسە بۆ بە ئاگا هاتنەوەی.

ئەمانەش بەستەری ڤیدیۆی چەند نموونەیەکن لە قوربانیانی ئەو یاسایە؛

https://youtube.com/shorts/vYUymz٩WDAU?si=GTLo١nuC-z٤٢WCZP

https://youtu.be/JF٤D٤F٣٦٩d٨?si=i٥OqwM٢٥ZEPKay١M

https://youtu.be/٦٢ORk٩dVt٨٠?si=yG٢FpOgIed٦٨rud٤

بەداخێکی زۆرەوە لە کۆمەڵگای خۆمان وەها بەشان و باڵی ئەو ناشارستانیەتەیە دەدەن گەنج و منداڵان وەها تێدەگەیەنن کە ئەوان پێشکەوتوو و ڕاستن.

لە وێب سایتێکدا بڵاوکراوەیەکم خوێندەوە ئەمە بەشێکە لەو بڵاوکراوەیە؛

"منداڵانی وڵاتانی خاوەن شارستانی و پێشکەوتوو سەرەڕای بونی هەندێک گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی و کولتوری، تا ئاستێکی زۆر مافەکانیان پارێزراوە و بەردەوام لە گەشە کردن دان، چونکە کۆمەڵگاکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی گەشە کردن و گۆران کاریدان بەرەو پێش بۆ دابین بونی مافە تاک و کۆمەڵایەتیەکانی هاووڵاتیان.

بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە هۆی داخراو بونی بیر و باوەری کۆنە پەرەستانەیانەوە، هەمان یاسا و پەیرەوەکانی ١٤٠٠ ساڵ

لەوە پێش بەکار دێننەوە کە بوەتە هۆی وەستانی گەشە کردن و دارمانی باری عەقڵی و بەرەو پێش چونی کۆمەڵگا.

یەکەم قوربانیانی ئەم بارودۆخە نائینسانی و گەندەڵە بە پلەی یەکەم منداڵانن کە میرات گری هەمان عەقڵیەت و کولتوری کۆنی باو و باپیرانیانن.

تەنیا ڕێگای ڕزگار بون لەم بنبەستە دینی و کولتوریە کە ڕەنگ دەرەوەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامە، لە پێش گرتنی سیستەمێکی نوێی زانستی و ئینسانیە بۆ پەروەردە و فیرکردنی منداڵان لە هەمو ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردە بە تایبەتی باخچەی منداڵان و خێزان. تاکو دین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریدا وەلا نەنرێت، گەیشن بەم مەبەستە مەحاڵە و دەستەبەر نابێ."

بەم شێوەیە وەسفی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئەو وڵاتانە دەکات.

دەکرێت بزانین سوودی ئەو ناشارستانیەتە چییە؟!

کامە بەرهەمە باش و سوودبەخشەکەیەتی؟!

ئەوە بەرهەمەکەیەتی ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن و بە ئازادی خەریکی ڕابواردنبن و لە کۆتاییە پەشیمان ببنەوە و دەروون وژیانیان بڕوخێت و زۆرێکیان خۆیان بکوژن!!!...

ئەوەتا خۆیان کە ئەو مافانەیان هەیە وا هاواریان لێهەڵستاوە و دەناڵێنن بە دەست ماندووبوونی دەروون و جەستەیان، ئەم کەسانەش هاتوون و دەڵێن تا ئیسلام بەلادا نەدرێت هەرگیز کۆمەڵگامان پێش ناکەوێت!!.

هەموو ئەو کەسانەی کە دەبنە موسڵمان لە هەر تەمەنێکدا بن باسی سوود و ئاسوودەیی و خۆشبەختی موسڵمانبوونیان دەکەن.

ئەمانەش بەهۆی شوێنکەوتنی حەز و ئارەزووەکانیان و بەهەڵە تێگەیشتنیان لە ئیسلام و لە دونیا بانگەشەی هیچ و پوچ و ناڕاست و بێبنەما دەکەن.

وتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت: "اسأل المُجَرب وَلا تَسأل الحَكيم"، واتە لە بە ئەزموون بپرسە و لە دانا مەپرسە.

ئەو کەسەی کە سەرلێشێواوە لەم بارودۆخەدا دەبێت سەیری قسەی داناکان نەکەن، خۆزگە داناش بوونایە، سەیری قسەی نەزانەکان نەکەن، سەیری ئەو کەسانە بکەن کە بە بارودۆخەکەدا تێپەڕیوون و ئەزموونیان وەرگرتووە.

هەموومان دەزانین کە ڕەگەز گۆڕین لە ئیسلام حەرام کراوە، لەبەرئەوەی تەواو زیانی بۆ مرۆڤ و دەوروبەری هەیە، جگەلە ئەو بارەی کە کەسەکە نێرەموکە، و ئەویش چارەسەری بۆ دانراوە و ڕێکاری خۆی هەیە.

بۆ نموونە منداڵان کە سەرەتا ڕێدەکەن ئارەزوو دەکەن بە هەموو شوێنێکدا بڕۆن، باشە دەکرێ ڕێگەیان پێبدەین بەسەر شاخ و پلیکانە و هەموو شتێکدا بڕۆن تەنها لەبەرئەوەی کەمێک دڵخۆشبن؟!

گەر ڕێگاماندا بڕۆن گەر گەیشتنە کۆتایی ئەو شوێنەی کە دەیانەوێ پێی بگەن زۆر دڵخۆشدەبن، بەڵام کە سەیری بەرزی شوێنەکە دەکەن دەست دەکەن بە گریان و بێتوانا دەبن لە گەڕانەوە، و گەر بشگەڕێنەوە بە سەلامەتی ناگەڕێنەوە.

حاڵەتی ئەم یاسایەش لەلای ناموسڵمانەکان ڕێک وەکو ئەمەیە، دڵخۆشییەکی کاتی و پەشیمانبوونەوەیەکی هەمیشەیی...

لە ئیسلامدا مافی ئازادی ڕادەربڕین و بڕیاردان هەمووی یاسا و مەرجی خۆی هەیە، هەموو شتێکی یاسایە و بۆ بەرژەوەندی هەمووانە.

## گرنگی ئایین بۆ مرۆڤایەتی چیە؟

نەبوونی ئایینی حەق و تەواو وا دەکات فیترەی پاکی مرۆڤ پیس بکات و دەستدرێژیکردن و بێڕەوشتی و سەنگی مرۆڤ و ئازادییەکان لەدەستبدرێت و خەڵکی بەرەو کۆیلەبوون و حەز و چێژ پەرستی هەنگاوبنێن.

گرنگی ئیسلام بۆ مرۆڤایەتی بریتییە لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

**یەکەم: پاراستنی پێنج پێویستییەکە (حفظ الضروريات الخمس) کە مەبەستی هەرە سەرەکی هاتنی ئایینەکە بریتین لە:**

١ / پاراستنی ئایینی مرۆڤ.

٢ / پاراستنی ژیان و بوونی مرۆڤ.

٣ / پاراستنی ناموس و شەرەفـی مرۆڤ.

٤ / پاراستنی ئەقڵی مرۆڤ.

٥ / پاراستنی ماڵ و پارە و سامانی مرۆڤـ.

خوای گەورە سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا لە ئایین هەڵدەگەڕێنەوە و پاشگەز دەبنەوە بە کافر بوونەوە، یان لە ڕاستە ڕێی ئیسلام لادەدەن بە بیدعە کردن.

هەروەها خوای گەورە سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەستدرێژی دەکەنە سەر ژیان و لاشە و خوێنی خەڵکانی بێتاوان و فەرموویەتی: (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)[1].

واتە: لە سەپاندنی سزا بەسەر دەستدرێژکار و بکوژدا پاراستنی ژیانی تێدایە بۆتان ئەی خاوەن دڵ و ژیریەکان بۆ ئەوەی خۆپارێزی بکەن لە تاوان و دەستدرێژی کردنە سەر کەسانی بێتاوان.

[1] سورة البقرة: (١٧٩)

خوای گەورە سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموسی کەسانی تر و شەرەف و ناوبانگی خەڵکانی بێتاوان لەکەدار دەکەن.

خوای گەورە سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا ماددە مەستکەر و سڕکەرەکان دەخۆنەوە و بێهۆش و بێئاگایان دەکات.

خوای گەورە سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و سامانی خەڵک و دزی و ناپاکیان لێدەکەن و ڕووتیان دەکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە چەندین ئایەت و فەرموودەدا هانی موسڵمانان دراوە بۆ پاراستنی ئەمانە.

**دووەم: لە ڕێگەی پەیڕەو کردنی ئایینی ئیسلامەوە ڕێنوێنی و سۆز و بەزەیی و چارەسەری کێشە و گرفتەکان و بەرچاوڕۆشتنی و دادپەروەری بەرقەرار دەبێت:**

خوای تاک دەفەرموێت: (وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)[1].

واتە: وە ئێمە کتابێکمان بۆ ناردوون کە قورئانی پیرۆزە کە بە زانیاری هەموو شتێکی تیادا ڕوون کراوەتەوە، وە هیدایەت و ڕەحمەتە بۆ کەسانێک کە ئیمانیان هێنابێ بە خوای گەورە.

سێیەم: لە ڕێگەی پەیڕەو کردنی ئایینی ئیسلامەوە بەختەوەری و ئاسوودەی بە دەست دێت لە دونیا و دوارِۆژدا:

خوای گەورە دەفەرموێ: (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ)[2]

[1] سورة الأعراف: ٥٢

[2] سورة النحل: (٩٧)

واتە: هەرکەس لەونێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێ و بڕواداریش بوویێت ئەوە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و پاداشتیان دەدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: (الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ )[1].

واتە: ئەوانەی کەوا باوەڕیان هێناوە و دڵیان بە زیکری خوا ئارام دەگرێت، تەنها بە زیکری خوا دڵەکان ئارام دەگرێت و بەختەوەر دەبێت.

چوارەم: وە ئەگەر بە پێچەوانەوە پشت لە ئایینی خوا بکرێت ئەوا ژیانێکی پڕ لە بێزاری و ناسۆری بۆ هەیە:

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى (١٢٤) قَالَ رَبِّ لِمَ

[1] سورة الرعد: (٢٨)

حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيراً (١٢٥) قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى )[١].

واتە: هەر کەسێک پشت هەڵبکات لە بەرنامەکەی خوا ئەوا بەڕاستی ژیانێکی پڕ لە بێزاری و ناسۆری هەیە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری دەکەین، دەڵێت: پەروەردگارم ئەوە بۆ بە کوێری حەشرم دەکەیت خۆ من لە دونیادا بینا و چاو ساغ بووم ؟ خوا دەفەرموێت: ئەوها ئایەتەکانی ئێمەت بۆ دەهات و تۆیش لەبیرت کرد، بۆیە تۆیش ئەمڕۆ لەبیردەکرێیت.

موسڵمانان لە سەردەمی ئیمامی عومەردا ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بگەیەنن بە فارسە ئاگرپەرستەکان و وەفدی موسڵمانان کە (ڕەبیعی کوڕی عامر) بوو گەیشتە لای سەرکردەی فارسەکان ئەویش پرسیاری لێکرد ئایا ئێوە بۆ چی هاتوون و چیتان ئەوێت؟

---

[١](١٢٦ )سورة طه

(ڕەبیعی کوڕی عامر)یش لە وەڵامدا فەرمووی: نـحن قوم أرسلنا الله لنُخرجَ الناس من جَور الأديان إلى عدل الإسلام، ومن عبادة العباد إلى عبادة رب العباد، ومن ضِيق الدنيا إلى سعة الدنيا والآخرة). واتە: ئێمەی موسڵمان گەلێکین خوای گەورە ناردوومانێتی بۆ ئەوەی خەڵکی دەربێنین لە ستەمی و زەبر و زۆری ئایینە پووچەڵکانەوە بۆ دادپەروەرێتی ئیسلام، وە دەریانبێنین لە پەرستنی بەندەکانەوە بۆ پەرستنی پەروەردگاری بەندەکان، وە لە تەنگی دونیاوە بۆ فراوانێتی دونیا و دوارِۆژ.

کەواتە بە نەبوونی ئایین شیرازەی ژیان تێکدەچێت و وەک دارستان گەورە بچووک دەخوات و بەختەوەری و ئارامی و ئاسایش و ئاسوودەیی و دادپەروەری لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا نامێنێت و دەستدرێژی و نابوتی و ستەم و وێرانکاری و کوشتن و لەناوچوون و برسیکردن و ...تاد، ڕوو لە مرۆڤایەتی دەکات.

# بەها شارستانییە بەفیڕۆدراوەکان

ئێمە لێرەدا بە تەنها مامەڵە لەگەڵ پرسی لادانێکی ڕەوشتی ناکەین، بەڵکو پرسێکە کە دەرگایەکی بەرفراوان دەکاتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەهاکانی لیبرالیزمیەکانی ڕۆژئاوا، کە بەرەو پێش بردران و کار بۆ چەسپاندنیان کرا.

تاوانبارانی ئەم دۆسیە مرۆڤی ئاسایی نین، بەڵکو ڕابەرانی ئەو شارستانیەتەن، بەرگریکار و پارێزەرانی ئەو شارستانیەتەن، و ئەو کەسانەن کە زۆرترین ڕۆڵیان گێڕا بۆ دەرخستنی بەهاکانی لە ڕووی باوەڕ و ڕەفتارەوە، بەتایبەتی کە زۆر ماندووبوون بۆ بەرەو پێشبردنی بیرۆکەکە.

بەڵام ئەوەی دەگوزەرێت سەلماندی کە ئەم قسانە نەهێشتنی سەروەری و کۆنترۆڵکردن و تاڵانکردنی سامانی گەلان بوون و سەپاندنی خراپترین کارنامەی ڕۆژئاوا بوو بەسەرماندا، لە هەمان کاتدا بێبەشمانیان کرد لە باشترین شارستانییەتەکان لە ڕووی بەهاکانی ئازادییە سیاسییەکان، و خولانەوەی دەسەڵات،

و بەهێزکردنی ڕاستەقینەی گەلان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکانیان و کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبردنی سامانەکانیان....هتد.

هەڵوێستی پیلانگێڕی ڕۆژئاوا سەبارەت بە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی نموونەیەکی باشی ئەمەیە.

# ونبوونی تەواوەتی فێمینیستەکان

ئابڕوچوونەکەی ئێپستاین جارێکی دیکە سەرنجی بۆ ئەو ڕۆڵە زۆر مەترسیدارە ڕاکێشا کە پەستانی "فێمینیست"ی لە تێپەڕاندنی کارنامەکانی ڕۆژئاوا لە بوارەکانی ژن و منداڵ و خێزاندا دەیگێڕێت.

سەبارەت بە "منداڵ"، ئەم پەستانە توانی پاکێجێک یاسا و ڕێسا دەربکات کە لەگەڵ ڕەوتە لیبراڵیە چەپەکانی ڕۆژئاوادا بگونجێت، دوای بەدەستهێنانی پشتیوانی پێویستی حکومەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناچارکردنی دامەزراوە زانستییەکان کە شەریعەتی ئایینی بەو یاسایانە بگۆڕنەوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی دەرئەنجامەکانیان بکەن.

تەنها دوو نموونە:-

نموونەی یەکەم: بابەتی خەتەنەکردن، هەموومان ئەو شەڕە توندەمان لەبیرە کە کۆمەڵە فێمینیستەکان دژی ئەم کردەوەیە

وروژاندیان، کە دەکەوێتە ژێر سەردێڕی "ڕێگەپێدراو" دژی مێینەکان، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە پیاوان داوا دەکرێت. تا ئەو کاتەی سەرکەوتوو بوو لە تاوانبارکردنی بە یاسایەکی کاریگەر. هەرچەندە دەکرا بابەتەکە بە شێوەیەکی پزیشکی کۆنترۆڵ بکرایە بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئەم "گەوجاندنە" ببەن.

پاشان تووشی سەرسوڕمان دێین بە ئەوەی ڕۆژئاوا کە لە پشتەوەی ئەم کارنامانە وەستابوو و پارەی ئەم هەڵمەتانەیان دابین کرد، هەمان ئەو ڕۆژئاوایە دەرچوو کە دەستی کرد بە پێدانی مافی ڕەگەز گۆڕین بە منداڵان، لەگەڵ شێواندنی پێویستی ئەو ئەندامانەی کە ئەو منداڵە پێوەی لە دایک بووە.

باسی لەناوبردنی ژیانی داهاتوو ناکەم، وردەکارییەکانی ئەو فایلە زۆر ترسناکە، تا ئەو ڕادەیەی خەتەنەکردنی کچان زۆر بچووک دەبێتەوە لە پێشیدا.

نموونەی دووەم: بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری کچان بۆ ١٨ ساڵ:-

ئەم یاسایە سەپێندرا بەبێ ئەوەی ڕەچاوی جیاوازی ژینگە و داب و نەریتی ناو یەک وڵاتدا بکرێت، بەو پێیەی ژینگەی شارەکان جیاوازن لە ژینگەی گوندنشینەکان.

بەڵام هەموو ئەمانە پشتگوێ خران و کارنامەی "ڕۆژئاوایی" لە ڕێگەی تیرۆری پەستانی فێمینیستەکانەوە گواسترایەوە، باوک زیندانی کراوە بەهۆی ئەوەی کچەکەی پێش تەمەنی هەژدەساڵی هاوسەرگیری کردووە، تەنانەت ئەگەر کەسێکی شیاویش بێت، بە بیانووی ئەوەی کە ئەو "منداڵ" بووە!.

پاشان تووشی سەرسوڕمان دێین بە ئەوەی ئەو لیبرالیزمە ڕۆژئاواییەی لە پشت تێپەڕاندنی ئەم کارنامەیە وەستابوو ئەو لیبرالیزمەیە کە هانی کچانی بچووک دەدات بۆ سێکسکردن و پشتیاندەگرن، تەنانەت ئامرازی چاودێری و ڕێنماییان بۆ دابین دەکەن لە کاتی ڕوودانی دووگیانیشدا!.

ئەم کارانە بە تاوان نازانرێت تا ئەو کاتەی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری بێت!.

واتا گەر لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت زۆر ئاساییە وهیچ کێشەیەک نییە بە ویست و ئارەزووی خۆی سەرجێی و هەر شتێکی تری بوێت بکات، بەڵام بۆی نییە لە تەمەنی ١٨ ساڵ ئەو کارانە بکات گەر هاوسەرگیری کردبێت.

با دڵنیا بین ئامانجی کۆتایی ئەم کارنامانەی ڕۆژئاوا هێرشکردنە سەر بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خودی دامەزراوەیی خێزانە، هەرچەندە خۆمان و دەوروبەرمان بپارێزین لەو کارنامانە و ئەو کەسانەی بانگەشەی بۆ دەکەن ئەوەندە لە بەرژەوەندی خۆمان و دەوروبەر و کۆمەڵگامان دەبێت.

لە ناو کۆمەڵگای خۆمان زۆرمان بینی چۆن بوونە قوربانی و دەبنە قوربانی ئەم کارنامەیە، و قوربانییەکانیش زیاتر ئافرەتن و کەم تا زۆر پیاوانیشیان تێدایە، و منداڵانیش گەر ڕزگار نەکرێن دەبنە قوربانییەکی هەمیشەیی ئەم یاسا چەوت و پوچانە.

# بەراوردی کۆتایی پێویستە

لە کۆتاییدا با لەبیرمان بێت کە لە "غەززە" هەزاران منداڵ کوژران و دەکوژرێن بە دەستی"مۆساد" ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، لە دوورگەی ئێپستاین بەبێتاوانی دەیان کچی بچووک تیرۆر کرا، و لە هەردوو حاڵەتەکەدا شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە کەسایەتی سەرکردە و ڕابەر و بیرمەندەکانیدا ئامادە بوون!، بەڵام دەنگیان نەهات و کرداریان لەکارکەوت.

**کەواتە پرسیاری سروشتی با هەر بمێنێتەوە:**

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە خۆمان ڕزگار بکەین لە ئەم شارستانییەتە دارماوە لە ڕووی ڕەوشت و هەموو بەها باڵاکانەوە؟

وەڵام بۆ ئێوە:.................................

# وتەی کۆتایی

هەموو ئەو ئازادییەی ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکات تەنها بۆ ئەوەیە لەدین دوور و کۆیلایەتی و بێڕەوشت و حەزپەرستانە ژیان بکەیت.

ئازادی ڕۆژئاوا = بەرەڵایی و بێ دینی و کۆیلەبوون و حەزپەرستی و دەستدرێژی بەرانبەر و خۆپەرستی و بەزاندنی سەروەری بەرانبەر.

ئازادی ئیسلام = عیززەت و ڕەوشتی جوان و سنوورپارێزی بەرانبەر و سەروەری بوون.

سالار عومەر

هەولێر ١٨/١/٢٠٢٤

## سەرچاوەکان:

-ڕۆژنامەی دەیلی مەیل.

-ئاسانە.

-ABC News

-https://www.arabianews۲۴. net/a/

-https://www.ndtv.com/world-news/jeffrey-epstein-epstein-files-full-list-of-high-profile-people-named-in-unsealed-court-docs-٤٨١٠٠٠٣/amp/١

- youtube.

- https://ar.m.wikipedia.org/wiki

-https://www.bbc.com/arabic

–https://www.aljazeera.net/

## بەرهەمەکانی نووسەر:



١- ژیانی دووەمی مرۆڤ.

٢- پێگەی دایک و باوک لەم سەردەمە.

٣- ڤاڵانتاین لەنێوان ڕاستی و چەواشە.

٤- فیستیڤاڵی ڕەنگەکان ( holi).

٥- دەریایەکی بێ کەنار .

٦- هالۆوین جەژنی دەرەمۆک و ترسنۆکەکان.

٧-وشەکانم دەنگیان نایە.

٨-شاری زینا ( pompeii)

٩-یۆگا لەنێوان (وەرزش، فەلسەفە، ئایندا).

١٠- (٢٠)بابەتی گرنگ و پوخت دەربارەی قوربانیکردن

١١- ئاهەنگی ڕۆژی دەرچوون لەکۆلێژ و پەیمانگەکان.

١٢- جوولەکە لەتەورات و ئینجیلدا.

١٣- شاخەوانی ( مێژوو،پێداویستی، سوودەکانی)

١٤- پایەکانی ئیسلام و ئیمان بۆمنداڵان و نەوجەوانان.

١٥- ئادابی ئیسلامی جوان بۆ منداڵان و نەوجەوان.

**١٦- بیست پرسیار لەلایەن منداڵان وەڵامیان لەپێغەمبەری خودا.**

# ناوەڕۆک


| سەرە بابەت | ژ. لاپەڕ |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| دوورگەی لیتل سانت جەیمس " Little Saint James " چییە؟ | ٩ |
| جێفری ئێپستاین " Jeffrey Epstein" کێیە؟ | ١١ |
| ئایا "جێفری ئێپستاین" بریکارێکی مۆساد بوو؟ | ١٣ |
| تۆمارەکانی دۆسیەکە | ١٥ |
| دۆسیەی ئێپستاین | ١٦ |
| دۆسیەی گیسلاین ماکسوێڵ | ١٨ |
| فایلەکانی کەیسەکە | ١٩ |
| مەبەستی سەرەکی کاری ئەو دوورگەیە و گەشتکردنی ئەو کەسانە بۆی | ٢١ |
| ئەو کەسانە کێن کە لەوانەیە ناویان لە لیستی ئێپستاین بێت؟ | ٢١ |
| بەشێک لەو کەسانەی سەردانی ئەم دوورگەیانکردووە | ٢٢ |
| وێنە و زانیاری دەربارەی کۆمەڵێ کەسی پەیوەندیدار بە دۆسیەکەوە | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| باسێکی کورتی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت منداڵان و ئافرەتان | ٥٢ |
| گرنگی ئایین بۆ مرۆڤایەتی چیە؟ | ٦٧ |
| بەها شارستانییە بەفیڕۆدراوەکان | ٧٥ |
| ونبوونی تەواوەتی فێمینیستەکان | ٧٧ |
| بەراوردی کۆتایی پێویستە | ٨١ |
| وتەی کۆتایی | ٨٢ |
| | |